# پەرەمێز

# بیانووە حازرەکەی سووتان و خۆسووتاندنی ئافرەتان



((تا ئێستا نەمانبیستووە یان نەمانبینیوە پیاوێک لە کاتی خۆشووشتن بە پەرەمێز سووتابێت، بەڵام هەر ئافرەتێک بسووتێت پەرەمێز بیانووە حازرەکەیە)) ئەمە قسەی خاوەن دوکانێکی پەرەمێزفرۆشە کە سەبارەت بە خۆسووتاندن و سووتانی ئافرەتان وەک دیاردەیەکی دڵتەزێن بۆ ئەم راپۆرتە ئاماژەی پێکردووە، هەر ئەم پرسەش تا هەنووکەش ئەفسەران و دادوەرانی لێکۆڵینەوەی سەرقاڵ کردووە، چونکە هەندێکجار ئافرەتی سووتاو بە سیناریۆیەک سووتێندراوەو (پرێمز)یش وەک بکوژ ناسێندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان بۆ دەربازبوون لە مەینەتییەکانی رۆژانەیان بەدەستی خۆیان کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن و ئاگر لە جەستەیان بەردەدەن، بەڵام بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەبێت تاک و کۆمەڵگە چ رێکارگەلێک بگرنەبەر بۆ ئەوەی تراژیدیای لەو جۆرە بە هەموو شێوەکانیەوە دووبارە نەبێتەوە؟

گوڵان - کۆمەڵایەتی



# سووتانی ئافرەت بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر

## ٥٧٠٨ ئافرەت بەهۆکاری جیا سووتاون لە ساڵی ٢٠١١

## ٦٦٢ ئافرەت سووتاو لە نەخۆشخانە کەوتوونە

## ١٠٨ ئافرەت مردوون

## ٦٥٩١ ئافرەت لە ٢٠١٢ سووتاون

## ٨٣٩ئافرەت لە نەخۆشخانە کەوتوون

## ١٤٣ ئافرەتیان مردون



پرێمزچییەک:

**بۆچی تائێستا نەمانبینیوە و نەمانبیستووە پیاوێک بە پرێمز سووتابێت**



مامۆستا ئارام:

**ئەوانەش کە دەڵێن ئەوە ویستی خوا و قەدەرمان بوو ئەوا گوناه دەکەن، چونکە خوای گەورە هەرگیز فەرمان بە خراپە ناکات**

لەسەردانێکی مەیدانیدا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا لەشاری هەولێر، چاومان بە کۆمەڵێ خەیمە (چادر) کەوت کە لە ناو گەراجی نەخۆشخانەکە لەلایەن کەسوکاری سووتاوەکان هەڵدرابوون. مەریوان کانەبی، لە بەردەم یەکێك لە چادرەکان جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو، پەیتا پەیتا قومی توندی لێدەدا و لە مەودایەکی کەمی بەر خەیمەکەدا هاتوچۆی دەکرد. وەك خۆی باسیکرد لە شارۆچکەیەکی دەوروبەری هەولێر هاتبوون، ئەو بە خەمبارییەکی زۆرەوە گوتی: ماوەی ١٢ رۆژە ژنەکەم بە پەرێمز سووتاوە و باری تەندروستی زۆر خراپە، هەر دەقیقەیەك بمرێ،دەمرێ، بۆیە ئەو ماوەیە بەردەگەی نەخۆشخانەم جێنەهێشتووە».

**خوا مێردەکەی بگرێ، بووە سەبەبکاری خۆسووتاندنی کچەکەم**

سەلما کەریم لە ناو یەکێك لە خەیمەکان بە مەلوولی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە دانیشتبوو، بە قسەکانی بۆمان دەرکەوت کە کچەکەی لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاندووە، ئەو دایکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی «کچەکەم دەڵێی ناسکەنانە هێندە جوانە، دوو کوڕی پرچ زەردی هەیە، خوا مێردەکەی بگرێ، بووە سەبەبکاری خۆسووتاندنی کچەکەم، مێردەکەی شەو تابەیانی بە ئەنتەرنێت لەبەرچاوی کچەکەم قسەی لەگەڵ ئافرەتانی بیانی ئەوروپا دەکرد، ئاخرجار کچەکەم زیز بوو، مانگێك

منداڵەکانی بەجێهێشت، بەڵام مێردەکەی بە دەست ماچکردن هات بردیەوە، دوای دوو ڕۆژ کچەکەم خۆی سووتاند، مێردەکەشی بەوە ترساندوویەتی کە نەڵێ خۆم سووتاندووە، چونکە دەرزی لێدەدەن و دەیکوژن»

**ئەو کچانەی خۆیان سووتاندووە**

**زیاتر بەهۆی پەیوەندی خۆشەویستی بووە**

سابیر مەحموود حوسێن یاریدەدەری تێبینەر لە بەشی ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا ئاشکرای دەکات کە «لە مانگی ٣ تاوەکو ١٢ ی ٢٠١١ بە هۆکاری جیاجیا (٥٧٠٨) ئافرەت سووتاون، کە (٦٦٢) لەوانە خەوێندراون و لە نەخۆشخانە ماونەتەوە، کۆی مردوو لەم ماوەیەدا (١٠٨) ئافرەت بووە. لە ساڵی ٢٠١٢ـەش (٦٥٩١) ئافرەت بە هۆکاری جیاواز سووتاون و سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە، کە (٨٣٩) کەسیان خەوێندراون و (١٣٤) ئافرەت مردوون.

ملازمی یەکەم لوقمان ئەسوەد یونس ئەفسەری بنکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا بەشی سووتان، دەڵێت «ئەو کێشانەی دێنە ئێرە ١٠٪ ی قەزاوقەدەرە ٩٠٪ ی خۆی سووتاندووە، بەڵام کە دێنە ئێرە زۆربەیان ڕاستییەکەی ناڵێن، پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕقی خەسووی یان لە ڕقی مێردی خۆی سووتاندووە، هی واش هەیە سووتێندراوە و دەڵێن خۆی سووتاندووە، ساڵی پار ئافرەتێکی ڕومادی هێنرایە ئێرە، دەرکەوت سووتێندرابوو».



### تەمەنی ئەوانەی خۆیان دەسووتێن لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵیدان

ئەو ئەفسەری لێکۆڵینەوەیە جەختی لەوە کردەوە کە «تەمەنی ئەوانەی خۆیان دەسووتێن لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵیدان، زیاتریش کێشەکان، کێشەی ژن و مێردن، زۆر کەم کچ لە رقی ماڵەوە خۆی سووتاندووە، ئەو کچانەش کە خۆیان سووتاندووە زیاتر بەهۆی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی، یان ئاشکرابوونی مۆبایل بووە، رۆژانە سووتاو دێت و زۆربەشیان بەهۆی بەرزی رێژەی سووتانەکەیان مردوون، لێرە رێژەی سووتان لە ٢٪ زیادی کردووە». گوتیشی «ئەوانەی دێنە ئێرە بە هاوکاری لێکۆڵەرەوەی دادی ئیفادەیان وەردەگرین و دەینێرینە مەرکەزی گەرەکەیان تاوەکو بەدواداچوونی بۆ بکات، تەنانەت مەرکەزی گەرەك دەچێتە شوێنی رووداوەکە، گەرچی سووتان وەکو بریندار نییەو ئەگەر ٩٠٪یشی بسووتێ، قسەی پێدەکرێ و دەتوانرێ ئیفادەی لێوەربگیرێ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە تەمەنی لە ١٣ ساڵ کەمتر بێت، ئیفادەی کەسوکاری وەردەگرین، جاری واهەبووە ئاشکرایە خۆی سووتاندووە، بەڵام کە ئەو دەعوای نەبێت، ئێمە ناتوانین هیچی بۆ بکەین، جارێکیان ژنێك هاتە ئێرە گوتی: نەوتم لە سۆپا کردووە و سووتاوم، کەچی پرچی هەمووی نەوت بوو دیار بوو کە نەوتی بەخۆیدا کردووە.

### مەحاڵە پرێمز بتەقێ و ئەوە تەنیا بیانووە

زۆرجار هێما بۆ ئەوە دەکرێ کە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی بە هۆی سووتان دەگەیەندرێنە نەخۆشخانە، بە پرێمز سووتاون، بەڵام جیهانگیر قاسم تەها کە پیشەی (پرێمزچی)یە ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت «مەحاڵە پرێمز بتەقێ، من باب و باپیرم پرێمزچی بوونە، خۆشم لەوەتەی بستێك منداڵ بوویمە ئەو کارەی دەکەم، بە درێژایی هەموو ئەو ماوەیە نەمبیستووە و نەمبینیوە پرێمزێك تەقیبێت».، ئەو بە سەلماندنی قسەکەی پرسیاری ئەوە دەکات کە بۆچی تائێستا نەمان دیتییە و نەمانبیستییە پیاوێك بە پرێمز سووتابێت لە کاتی خۆشووشتن؟ گوتیشی »ئێستا بازاڕی پرێمز و تەباخی نەوت زۆر کز بووەو کەم کەس هەیە پرێمز، یان تەباخی نەفت بۆ ئاوگەرمکردن بەکاربهێنێت، چونکە کەلوپەلەکان لە نەفتەوە گۆڕاون بۆ کارەبایی، بۆیە ئەوە هەمووی بیانووە کە دەڵێن ئافرەت بە پرێمز سووتاوە، ئەی بۆ پیاوێك بە پرێمز ناسووتێ، تەنیا ئافرەت نەبێت؟».

### هۆکارەکانی خۆسووتاندن زۆرن

سەرۆکی سەنتەری خێزان لە سلێمانی (سامان سیوەیلی) وەك توێژەری دەروونی ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵێ هۆکار لە پشت خۆسووتاندنی ئافرەتاندا هەیە، گرینگترینیان بەهۆی نەخۆشییە دەروونییەکانە، بەتایبەت خەمۆکی، کە زۆرجار بۆ کۆتایی هێنان بە تەنگژەکان بیر لە چارەسەرێکی هەڵە دەکەنەوە، کە یەکێك لەوانە خۆکوشتنە لەرێگەی خۆسووتاندن، چونکە ئەو کەسانە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان ئەو کارە دەکەن، هۆکارێکی دیکە بریتییە لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان و دەستێوەردانە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە کاتی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆرجار رێگری لە شووکردن بە ئارەزووی خۆی دەکرێ، یان هاوسەرگیری زۆرەملێی بەسەردا دەسەپێنن، هەندێکجاریش لەرووودانی رووداوی کتوپڕە، بۆ نموونە ئاشکرا بوونی پەیوەندییەکی نهێنی وادەکات بۆ رزگاربوون لە سزا و پەردەپۆشکردنی کارەکەی پەنا بۆ خۆسووتان ببات، نائومێدیش پاڵنەرێکە لە پاڵنەرەکانی دیکەی خۆسووتاندنی ئافرەت، کە هەست دەکات کەس گرنگی پێنادات و کەس نییە پاڵپشتی بکات، هەروەها ژیانێکی پڕ لە کێشمەکێش و دەردەسەری بەردەوام بێئەوەی رێگەچارە و هاوکاری لە ئارادا بێت، هۆکارێکی دیکەی خۆ لە ناوبردنە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە تاوانێکی گەورەیە کە تاك یان خۆی دەیکات یان بەرامبەری دەکرێ، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك رێگری لێبکرێ».

### ئارام خەلەکانی پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی فەتاح:

خۆکوشتن یاخۆسووتاندن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ئیسلام بە هەموو شێوەیەك قەدەغەی کردووە ئەنجامدەری ئەم کارە لە دین تێنەگەیشتووە، خوای میهرەبان دەفەرموێت (ولا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا )((٢٩))

واتا خۆتان مەکوژن بێگومان خوای گەورە زۆر بە بەزییە بۆتان وهەرکەسێك ئەم کارە بکات تووشی تووڕبوونی خوای گەورە دەبێت بۆیە دەفەرموێت (وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيرًا )((٣٠))

پێغەمبەر دەفەرموێت: (مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِشَيءٍ فِي الدُّنْيا عُذبَ بِهِ يَوْمَ الْقِيامَة).

واتا هەرکەسێك لە دنیادا خۆی بە شتێك بکوژێت لە رۆژی دوایی بەم شتە ئازاردەدرێتەوە،ئەوانەش کە دەڵێن ئەوە ویستی خوا و قەدەرمان بوو ئەوا گوناه دەکەن، چونکە خوای گەورە هەرگیز فەرمان بە خراپە ناکات، هەرکەسێکیش ببێتە هۆکار و هاندەری ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت ئەوا تاوانبارە لای خوای گەورە بێئەوەی لە تاوانی خۆکوژەکە کەمببێتەوە.



سەرۆکی سەنتەری خێزان لە سلێمانی:

**لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە تاوانێکی گەورەیەو پێویستە رێگری لێبکرێ**



ئەفسەرێك:

**ئەو کێشانەی دێنە ئێرە ١٠٪ ی قەزاوقەدەرە ٩٠٪ی خۆی سووتاندووە**

# ئافرەت و پیاو کامیان باشتر دەتوان

**جیا لەوەی کە داهاتی سەربەخۆی ئافرەت دەبێتە هۆی ئەوەی ئیرادەی لەچۆنیەتی خەرجکردنیدا هەبێت، هەروەها لەدەستەبەرکردنی مافەکانی یارمەتی دەدات و پێگەیەکی باشتری خێزانی پێدەبەخشێت، بەڵام زۆرجار باسی ئەوەش دەکرێ کە**

گوڵان - کۆمەڵایەتی

«میردەکەم رۆژانە خەرجی ماڵم بە ڕەزالەت دەداتێ، تەنانەت حیسابی فلسێکیشم لەگەڵ دەکات، زۆریش ڕەزیلە و خەرجی ڕۆژانەشمان بە کەمی دەدات و بەش هیچ ناکات». ئەوە دەستپێکی قسەکانی سەوسەن عەبدولواحید بوو. سەوسەن جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هێشتا تەمەنی بە ٥٠ ساڵ نەگەیشتووە، بەڵام «لەبەر ئازار و خەفەتان ڕەنگ و ڕووی پیرەژنانم گرتووە». باسی ئەوەشی کرد کە یەکێك لەخەمە گەورەکانی نەبوونی متمانەی پارەیە لەلای هاوسەرەکەی و بەحەسرەتەوە گوتی «خودا ئەو کەسانە بگرێت کە نەیانهیشت زوو لە شوێنێك دابمەزرێم، ئەگەر ساحیبی مەعاشێك بوومایە، بۆچی وەهام لێدەهات؟ ئێستاکە بوومەتە سواڵکەر هەموو بەیانییەك دەبێت دەست لەمیردەکەم پان بکەمەوە بۆ ئەوەی شتێك خەرجی ماڵمان بداتێ». ئەمەکێشەی تەنیا سەوسەن نییە، بەڵکوو کێشەی زۆربەی ئەو ئافرەتانەیە کەهیچ مووچەو داهاتێکیان نییە.

**خەرجی ماڵ لەدەستی دایکدا بێت باشترە نەك باوك**

زۆربەی توێژەران و شارەزایان پێیانوایە ئەگەر خەرجی ماڵ لەدەستی ئافرەتدا بێت، ئەو کات ئافرەت دەتوانێت بەشێوەیەکی جوانتر و ڕێکتر ژیانی ئابووری خێزان ڕێکبخات لەمبارەیەوە هەژین فایەق توێژەری کۆمەلایەتی پێوایە ئەگەر خەرجی ناوماڵ لەدەستی ئافرەتدا بێت ئەوکات ئافرەت وەك دایکێك باشتر دەتوانێت ژیانێکی باش بۆ منداڵ و مێردەکەی و بگرە کۆمەڵگەکەشی دەستەبەر بکات.

ئەوەتا شەوین کامەران توێژەری کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی جەخت لەوەدەکاتەوە کە پێویستە ئافرەت مافی ئەوەی هەبێت خەرجی رۆژانە بەدەست خۆی بێت نەك مێردەکەی، چونکە «دایك باشتر دەتوانێت خزمەتی منداڵەکانی بکات، ئافرەت کەسێکی زیاتر شارەزایە لەوەی کە ماڵ چی پێویستە و منداڵ زیاتر پێویستی بەچی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئافرەت زیاتر لەهەستی منداڵەکەیەوە نزیکەو زیاتر دەتوانێت رۆڵێکی باش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان بگرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پیاو بەئارەزووی خۆی پارە خەرج دەکات، بۆ نموونە پیاو لەجیاتی ئەوەی پارەکەی هەمووی بۆ خەرجی ماڵ و منداڵەکانی دابین بکات، دەچێت لەدەرەوە میوانداری هاوڕێیانی دەکات، یان پارەکە بەجگەرە دەدات، یان بۆ هەر ئارەزوویەکی دیکەی بەکاری دەهێنێت، واتا پیاو زۆرتر پارە بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دایك زیاتر گرنگی بەمنداڵەکانی دەدات و زیاتر ئارامیی و خۆشی منداڵ و جوانی ماڵی لەلا



کۆمەڵناسێک:

**پیاو زۆرتر پارە بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بە پێچەوانەوە دایک زیاتر گرنگی بە ماڵ و منداڵەکانی دەدات**

# ــــن چاودێری داهات و خەرجی بکەن؟

**ئافرەتانی ماڵەوە وێڕای ئەوەی هیچ داهاتێکیان نییە، باشتر دەتوانن چاودێری داهات و خەرجی ماڵەوە بکەن، هەوڵی پاشکەوتکردنی بەشێک لە داهاتیش دەدەن، لەبەرامبەردا پیاوان بەزێدەڕۆیی لە خەرجیەکانی دەرەوەی ماڵدا تۆمەتبار دەکرێن.**

ئافرەتێکی فەرمانبەر:
**پێویستە دەرماڵەی منداڵ لەسەر مووچەی دایک بێت نەک پیاو**

ئافرەتێکی ماڵەوە:
**دەبێت هەموو بەیانییەک دەست لەهاوسەرەکەم پان بکەمەوە بۆ ئەوەی شتێک خەرجی ماڵمان بداتێ**

مەبەستە».

**لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا داهات بەدەستی پیاوەوەیە**

شەوین کامەران گوتیشی «شتێکی حەتمییە لەکۆمەڵگەی ئێمە پارە و داهات هەر بەدەست پیاوانەوە دەبێت، ئەوەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و تەنانەت ئایینی خۆی هەبووەو هەیە، لەبەر ئەوەی بەپێی ئایینیش باوك بەرپرسیارە لە دابینکردنی خەرجی خێزان و بەخێوکردنی ژن و منداڵ، بەڵام پارەو داهاتی پیاویش لەلای دایك بێت باشترە». ئەو کۆمەڵناسە ئاماژەی بەوەشدا کە لەئێستادا هاوکاری لەنێوان هاوسەراندا هەیەو گوتی «ئێستا هاوسەران زۆربەیان وەك یەك کار دەکەن، بۆیە باوەڕناکەم ئەوە ببێتە کێشە کە پارە لای کامیان بێت، بەڵام وەك باسمکرد ئافرەت زیاتر لە پیاو دەزانێت چۆن پارەکان بۆ خەرجی خۆیان بە دروستی دابەش بکات».

**دەرماڵەی منداڵ پێویستە لەسەر مووچەی دایکی فەرمانبەر بێت**

هێرۆ ئیسماعیل، تەمەنەکەی ئاشکرا ناکات، بەڵام بە ئافرەتێکی تەمەن سەرووی ٤٠ ساڵان دەچوو، ئەویش وەك هاوسەرەکەی فەرمانبەرەو داهاتی خۆی هەویە، بەڵام گلەیی لەوەدەکات کە هاوسەرەکەی دەرماڵەی منداڵانی خستۆتەسەر مووچەکەی خۆی، گوتیشی «زۆرم پێناخۆشە دەرماڵەی منداڵەکانم لەسەر مێردەکەمە، چونکە مێردەکەم بەئارەزووی خۆی پارەکەی خەرج دەکات و زۆر دەستبڵاوە، تەنانەت بەو پارەیەی کەدەرماڵەی منداڵەکانیشمە وەری دەگرێت و دەچێت خەرجی دەکات، بەجۆرێك ناگاتە نیوەی مانگ پارەی پێنەماوە». هێرۆ ڕای وایە دایك منداڵ بەخێو دەکات و پێویستی ماڵ و منداڵ باشتر دەزانێت، بۆیە داواکارە دەرماڵەی منداڵ لەسەر فەرمانبەری ئافرەت بێت.

**دەست بڵاوی ئافرەت بۆ پێداویستی ماڵە**

شێروان سابیری تەمەن ٣٩ ساڵیش خۆی و هاوسەرەکەی فەرمانبەرن، بەڵام بەپێچەوانەی هێرۆ، دەرماڵەی منداڵان لە سەر مووچەی هاوسەری شیراوانەو هەموو مووچەکەشیان لای دایکی منداڵان دەبێت، شێروان گوتی «من هەموو مووچەکەم تەسلیمی خێزانم دەکەم، گەر پێویستم بێت پارەیەکی کەمی ڕۆژانەی لێوەردەگرم، زۆریش ڕازیم، چونکە ئەوەتا پارە لای هاوسەرەکەمە پاشکەوتیش دەکەن و لە جارانیش زیاتر خۆشگوزەرانی دەکەین». شیروان یەکێك لەهەنگاوەکانی دیکەی ئەوە بووە کە تەنانەت دەرماڵەی منداڵەکانی خستووەتە سەر مووچەی هاوسەرەکەی و لەوبارەیەوە وتی «هەستمکرد هاوسەرەکەم حەز دەکات ئەو دەرماڵەیە لەسەر مووچەی ئەو بێت، بۆیە خستمە سەر مووچەی ئەو، منیش پێمباشە ئەو دەرماڵەیە لەسەر مووچەی دایك بێت، چونکە دایك زۆر ژیرانەتر مەسرەفی ماڵ و منداڵ دەکات».



بەشێك لەو ئافرەتانەی ماڵەوە کە هیچ داهاتێکیان نییەو خاوەن مووچەی خۆیان نین، هەموو داهاتی هاوسەر و پارەی ماڵەوەیان لایە، زۆرجاریش باسی ئەوە دەکرێ کە هەموو بڕیارێکیان بەدەستە و خۆیان دەستنیشانی دەکەن کە چۆن پێداویستییەکانی ماڵەوەی پێ دابین بکەن.

هەروەها ئارام حەمەدئەمینی تەمەن ٥٤ ساڵ لە ناو بازاڕی قەیسەری دوکانی هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ماوەی ژیانی هاوسەری خۆیدا، هەموو داهاتەکەی لای هاوسەرەکەیەتی و دەڵێت «متمانەیەکی زۆرم بە دایکی منداڵان هەیە، بۆیە هەموو داهاتام لای ئەوە و بۆ خۆشی بڕیار دەدات چۆن چۆنی بۆ خەرجی ڕۆژانە، یان شتی تایبەت خەرجی بکات»، ئارام گوتیشی «ئافرەتان وەك پیاو دەست بڵاو نین و گەر بڕیار لای ئەوان بێت بۆ خەرجییەکان، ئەوە هەموو شت بە ڕێکوپێکی دەڕوات».